

# هەڵۆ بەرزنجەیی:

## شەڕی پشتئاشان مێژوویەکی نەفرەت لێبووە

## پارتی کادیرانی حیزبی شیوعی بەخێو دەکات

## لایەن هەیە بەس بە جوێندان و ناوناتۆرە  لە بارزانی و شۆڕش دروست بوون ئێستا پارتی فەرشی سووریان بۆ رادەخات بەڵام پاسۆک سەرکوت دەکات

ڕزگار ڕزا چوچانی/ سوید

هەڵۆ بەرزنجەیی ساڵی 1961 سلێمانی لە دایک بووە و خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی پیشەسازیی هەر لە سلێمانی تەواو کردووە. وەک خۆی دەڵێ "زیاتر لە 31 ساڵە لە ریزەکانی پاسۆکدا لەتەک کۆمەڵێ برا و هاوبیری هێژادا کار دەکەم لە کۆتایی ساڵی 1985 وە لە وڵاتی ئەڵمانیا وەک ئاوارەیەک ژیان دەگوزەرێنم"، تا ئێستا چەند کتێبێکی بڵاوکردۆتەوە وەک "پەرژینی بێدەنگی و ژیان و جیهانبینی، چاوپێکەوتن لەگەڵ مەسعود محەمەد دا، پرسیارەکان هێشتا تینووی وەڵامن، چاوپێکەوتن لەگەڵ د. مارف خەزنەدار و لەتیف هەڵمەت و فەرهاد شاکەلی و پرۆژەی گاپ، ئەڵقەیەکی تری کۆلۆنیالیزمەکردنی کوردستان  هتد" لەم دیمانەیەی لەگەڵ هەڵبون باسی بەپاسۆکبون و کێشەکانی پاسۆک و ئایندی پاسۆک دەکات.

*ئەگەر باسێکی پەیوەندی خۆتان بە پاسۆکەوە بکەن کەی پەیوەندیتان کرد چۆن ئەو ڕێکخستنەتان هەڵبژارد کاری لەگەڵ بکەن؟ بۆ ئەو ڕێکخستنەت هەڵبژارد چ جیاوازیەکت لەنێوان ئەو و حزبەکانی تر دەبینی؟

-سەرەتای پەیوەندیم بە پاسۆکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی خوێندنی 1977ـ 1978 و ئەوکات قوتابی پۆلی یەکەمی ئامادەیی پیشەسازی بووم لە شاری سلێمانی. ڕێکخەرەکەم برا و هاوبیری هێژام کاک حەمە یادگار بوو. ئەودەم کۆمەڵێ گەنجی خوێنگەرم بووین پەرۆشێکی گەورەمان بۆ سەرجەم پرسەکانی دنیای کوردەواری هەبوو. منیش بەتامەزرۆییەوە گوێم بۆ باسەکان شل دەکرد و بە گەرمیش بەشداریم لە گفتوگۆکاندا دەکرد. ئەوەی جێی ئاماژەدان بێت ئەوەیە، جاران هەر پاش چەند دیدار و گفتوگۆکردنێک هێڵ و ریشەی هزری هەرکەسێک زوو بەدیار دەکەوت. ئەم دوو سیفەتە بۆ ئەو قۆناغ و سەردەمە دەشێ بووبێتە مایەی سەرنجدانی من لە لایەن کەسانی دیکەوە. هەر بۆیە لەیەکەم ساڵی خوێندندا بە چرپە و بە زمانێکی زوڵاڵ داوای ئەندامێتیم لە لایەن هاوبیرانی پاسۆکەوە لێکرا. پێشنیازی بوونە ئەندامیم بە نامە نووسی و پاش 6 مانگێک وەڵامەکەیم بۆ هاتەوە. خۆشی و گەشکەیی ئەو ساتەم هێجگار گەورەبوو هەتا ئێستاش بە قوڵی لە یادمدا چەسپیوە. دیارە پەروەردەی خێزانیش ڕۆڵی گرنگی هەیە لە چاندنی تۆوی کوردایەتی لەمندا. باوکم ئەندامێکی چالاکی پارتی بوو، لە ماڵی ئێمەدا بەردەوام کۆبوونەوەی حیزبی دەکرا. منیش هەندێ سەربزێو بووم و بە وردی وەدووی ئەم شتانە دەکەوتم و باوکم بە پرسیار هیلاک دەکرد.

جیاوازی پاسۆک لەگەڵ حیزبەکانی دیکەدا هەر لە ناوەکەیەوە هەتا پەیڕەو و پرۆگرام و دروشم و ستراتیژ و هێڵە گشتییەکانی بیری نەتەوەیی هەبوو. لەمەش پتر هەڵسەنگاندن و تێڕوانین لە کوردایەتی و نزیکی هەموو ڕەهەندە پەیوەندارەکانی سیاسی و فکری و جیهانبینی و خوێندنەوەی واقعی کوردی دەق لەگەڵ هەست و دەروونی مندا دەگونجا. هەموو حیزب و ڕێکخراو و لایەنەکانی دیکە لە خولگەی ڕێبازی مارکسی لینینیدا دەخولانەوە، ئەمەش کتومت لەبەرژەوەندی شورەویدا خۆی دەنواند و قەتیس مابوو. خۆ گەر مارکسایەتییەکەشیان بۆ خزمەتی کورد و کوردستان بوایە هێشتا هەر جێی قەبوڵکردن بوو. هەر هەموو ئەوانە لەژێر ناونیشانی ئۆتۆنۆمی و داگیرکەرچی و دروشمی ناواقعی و نا کوردیدا کاریان دەکرد.. پاسۆک بە دروشمەکانی " پێش ئەوەی هەر شتێ بین دەبێ کورد بین ... کوردستان تەنها موڵکی کوردە " لە هەمووشیان درەوشاوەتر کوردستانێکی ئازاد و گەلێکی یەکسان هاتبووە مەیدانەوە. تۆ پێم ناڵێی کێ دەتوانێ لەشکر و تانک و تۆپی بەعسی عێراقی لەبەردەم ماڵەکەیدا لەسەر شەقام و سەرسووچی کۆڵانەکان ببێنێ، کەچی ناوی خۆی بنێ پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق ، یان لە

قەندیلەوە بانگەشەی ئێرە دەنگی شۆڕشی گەلی عێراقە کە لە چیاکانی کوردستانەوە هەڵقوڵاوە و زۆر شتی تری لەم بابەتانە بکات... لە پەروەردەکردن و دیسپلین و ئەقڵێت و پاکی و لەخۆبووردوویدا هیچ کادێرێکی پاسۆک بە کەسی لایەنەکانی دیکە بەراورد نەدەکرا، هەر نەبێت لە دیدی منەوە.

* کەوایە هەر ئەوکاتیش ویستوتانە کوردستانێکی سەربەخۆ بێ ناوهێنانی عێراق بکەنە ئامانج بەڵام وانازانی ئەوە دروشمێکە لە ئەرزی واقیع جێبەجێ نابێ, چونکە تۆ دەبینی حزبی بەشەکانی دیکەش لەم کاتەدا وازیان لەو شعاراتی سەربەخۆبون هێناوە بەهۆی نەگونجان و بەدینەهاتنی؟

-هەر لە رسکانمانەوە کوردستانێکی سەربەخۆ و دامەزراندنی دەوڵەتی نەتەوەیی ئامانجی سەرەکی ئێمەیە. هەمیشەش لەگەڵ هەر دەستکەوت و چارەسەرێکدا بووین لەسەر بنەمای ئامانجە ستراتیژەکەمان. واتە هەرگیز فیدراڵی دواچارەسەر نەبووە بۆ ویستەکانی نەتەوەی ئێمە، لەگەڵ ئەوەشدا ئێمە پێشوازیمان لێکردووە، هەر نەبێت لەبەرئەوەی بەشێکی زۆری حیزب و لایەنەکانی دیکە باوەڕیان پێیەتی.

گەر تەماشای رەوتی رووداوەکان ئەم دواییەی دنیا بکەین، ئەم پرسیارەی تۆ لە هیچ پانتاییەکدا جێی نابێتەوە، چونکە سواو و قرچۆکە.. با ئینگلیز فەرەنسا داگیرکراو بکات و ئەڵمانیا هۆڵەندە بخاتە ژێردەسەڵاتی خۆیەوە و رووس ئۆکرانییەکان بتوێنێتەوە و چیک ددان بە سلۆڤێکییەکاندا نەنێت چ دەقەومێ؟.. ئێمە وەک پرنسیپ عێراقمان بە دەوڵەتێکی بێژووی دروستکراوی دەستکردی دەستی گەورە ئیمپریالیست و کۆلۆنیالی جیهانی ئینگلیز بۆ بەرژەوەندییە سەرەکییەکانی خۆی داناوە. ئەم دەوڵەتە و داگیرکەرەکانی دیکەش دژی ئیرادەی نەتەوەکەم و لەسەر حسابی جەستەی وڵاتەکەم دروستکراون. سەیرە کەسێک بڵێ من کوردم و کوردستان وڵاتەکەمە و منیش دەمەوێ وەک هەر نەتەوەیەکی دیکەی ئەم جیهانە سەربەست و ئازاد بژیم ، ئەم بانگاشەیە ناواقعی بێت و کوفر و گوناح بێت. ئەم بۆچوونە تەنها کولتووری ئەو حیزبە سەقەت و مۆدێل ئۆتۆنۆمیخوازانەی کوردستانە.

لەم دوو دەیەیەی هەرە دواییدا زیاتر لە 40 ـ 50 دەوڵەت دروست بووە و چەندین نەتەوەی دیکەش لە هەوڵ و تێکۆشانی گەیشتن بەو ئامانجەدان. تۆ بڵێ هەموو ئەوانەی شۆڕشی سەربەخۆییان کردووە ناواقعی بووبن و ئەوانەی بەرێوەن کەس وەک تۆ پێیان بڵێ ئێوە نا واقعیین. یان تۆ ئامادەی لە خەباتگێڕانی فەلەستینی و ئیرلەندی و باسکی و پشتۆ و تاد رەخنەیەکی وا بگریت؟.!

سەبارەت بە ئەوانەش هەڵگری ئەو دروشمە بوون و وازیان لێهێناوە یان سبەینێ ئێمە وازی لێبهێنین، ئەو بەڵگەی ناواقعی ئەو دروشمە نییە، بەڵکو پەیوەستە بە نەفەسکورتی سیاسی و ئەو لایەنەوە و هەڵە و ناخوێندنەوەی واقعی هەنگاو نان بۆ ئەو ئامانجە پیرۆزە .

* پاسۆك كە لە هەشتاكاندا حیزبێكی نەتەوەیی و ناسراو بوو, بۆچی دوای راپەرین بەو ئاراستەیە هەنگاوی نا, كە ئێستا لە زاكیرەی نەوەی نوێدا هیچ وجودێكی نییە؟

11 ی ئەیلوولی 1975 رۆژی رسكانی پاسۆكە و لەیەكەم هەنگاوەوە بڕیار درا بۆ 10 ساڵ تەنها خەباتی سیاسی و هەوڵی پێگەیاندنی كادیر و هۆشیاركردنەوەی جەماوەر و بڵاوكردنەوەی بیری سەربەخۆخوازی كوردستانی بێت. هەر هەموو ئەم ئامانج و ستراتیژانەش لە پێناوی زەمینەسازییەكی تەندروستدا بۆ راگەیاندنی سەرەتای خەباتی چەكداری و بەرپاكردنی شۆڕش بوو. بەڵام ئاڕاستەی رووداوەكان و كەوتنە بەرشاڵاوی هاوبیرانمان ناچاری كردین زووتر روو لەشاخ بكەین لەوادەی خۆی.

پاسۆک لە دوای هەرەسەوە باڵێكی گرنگ و كاریگەریی مەیدانی خەبات بوو، راستە هەر لەبەرئەو هۆكارانەی سەرێ توانای سەربازی سنووردار بوو وەلێ لەرووی فكری و رێكخستنەوە دیارترین خانەی خەباتی كوردایەتی پڕ كردۆتەوە. لای ئێمەش مانای هزری و دروشمی واقعی سەنگی مەحەكن، نەک زۆری و بۆری و سیاسەتێكی سازشاوی كە هیچ پێوەرێک نایان گرێتە خۆی.

شاراوە نییە ئەم دوو دەیەیەی دوایی كوردستان گۆڕانی زەبەلاحی بەسەردا هات. گۆڕانەكانیش زۆر خێرا و خولقێنەری دیاردەی نوێن و گەنجی ئیمڕۆش روبەرووی گیروگرفتی دژوار بوونەتەوە و پێدەچێت كەم مەیلی مێژوو و سیاسەتیان مابێت. راستە دەنگ و رەنگی پاسۆک وەک پێویست نییە و بە هەموو شوێنێک ناگات. ئەمەش جارێكی دیكە هۆكارەكانی هەم بە بارودۆخی پاسۆكەوە وابەستە . سكرتێری ئێمە كاک ئازاد مستەفا لە هەرەتی كامڵبوونی فكری و فەلسەفی خۆیدا بوو نەخۆشی شێرپەنجە لێی سەندینەوە. دەزانی ئەمە بەسەر هەر حیزبێكی تری كوردستاندا بێت چی بەسەر دێ. د. قاسملۆ و شەرەفكەندی دوژمن شەهیدی كردن، هیوای حیزبەكەیان تاساند. بۆیە هیواداریین ئەم باوک مردنە بەسەر هیچ لایەكدا نەیەت. هەمیش كاریگەریی سیاسەتی نەیارانەی هێزەكانی كوردستان لەم كایەدا وازی دەكەن .

ئەمانە دیویێکی راستییەکانن و خۆ گەر گەنجێ عەودالی راستەقینەی مەسەلەی میللەتەکەی و کایەکانی دەوروبەری بێت، وا بەسانایی بە هەبوونی پاسۆک ئاشنا دەبێت. خۆت باشترین نموونەی ئەم راستییەت.

*بەڵام ئایا ئەم بارودۆخەی ئەمڕۆی کوردستان تاچەند کۆکە لەگەڵ ئەوەی گەنجەکان بەدوای بڕوادا بگەڕێن ناکرێ ئێوە چالاکتر بن یان بۆ ئەو مەبەستە پلانتان چییە؟

-کێشەی نەتەوەیی کورد هێندە رەوا و پیرۆزە، دەکرێت وەک ئەرکێکی نەتەوەیی تەماشا بکرێت و لەسەر هەر تاکێکی دڵسۆز و هۆشیار فەرزە عەودالی بێت و پێوەی سەرگەرم بێت . دیارە ئەندێشە و پەرۆشی گەنج دنیایەکی پڕ لە فەنتازیا و ژیانێکی لیبراڵی کراوە و دوور لە کۆت و بەند و پابەندبوونە. مەخابن لەبەرئەوەی ئێمە لە مافی ژیان و هەبوون بێبەشین و بوونمان هێشتا هەڕەشەی لەسەرە و نەبووینەتە خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆ، ئەوا پێکهێنانی ئەو دنیا و مەملەکەتە ماوێتی کە گەنج بتوانێ بە کەماڵی ئیسراحەت دووی خەونەکانی بکەوێت. ئێمەش لەپەرۆشی ئەواندایین وەک هێز و سەرمایەیەکی ماکی و مینۆکی ئێستا و داهاتووی نیشتمانەکەمان لێیان دەڕوانین و هەوڵ دەدەین بگەینە ئاستی داخوازییەکانی ئەوان و بەشداری لە هێنانە دی خواستەکانیاندا چالاکانە بکەین..

* زۆربەی سەرکردەکانی پاسۆك بوونە پارتی, ئێوە لەگەڵ ئەو هەنگاوە نەبوون؟ بۆچی؟ ئایا بە نیازی چین لە کاتێکدا پاسۆك هیچ رۆڵێکی لە گۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا نییە؟

-کاتێ بەشێکی زۆری سەرکردایەتی ئێمە چوونە ناو پارتییەوە، ئێمە لەگەڵدا نەبووین. ئەمە سەرەتای هەڵوێستی ئێمە نییە لەسەر دوا هەنگاوەکانی هەندێ لە برادەرانی سەرکردایەتیمان. بەڵکو پێشتر ئێمە لەسەر یەککگرتن لەگەڵ حسک و پاشان گەل دا هەڵوێستمان بەدیار خست. ئێمە و ئەوان هەڵوێستی هزری و ستراتیژی نەتەوەیی هاوبەشمان نەبوو. ئەوان لەراستیدا خڵتە و پاشماوەی حیزب و گەلەکۆمەکێیەکی مارکسی و پەیڕەوکەری سۆسیالیزمی مارکسی بوون... هتد. وەک لەسەرەوە ئاماژەم پێدا یەککگرتنی ئێمە دەکرا بە شێوازی دی و لەسەر پرنسیپی تر بوایە، لە زەمینەی یەکخستنی گوتار و هەڵوێستمان، نەک خۆ تواندنەوە و دروستکردنی شتێ لە هەموو شت بچێت، بەڵام لە حیزب نەچێت و هیچ یەکێتییەکی فکری و کاری تێدا نەبێت.

ئێمە لەسەر خەباتی خۆمان هەر سوورین و دەمانەوێ بە ئامانجەکانمان بگەین. تاکی کورد بە چەکی باوەڕ و کوردایەتی چەکدار بکەین و بڕێوی پێویستی کوردبوون بخەینە ناو توێشووی کاروانە سەختەکەی خەبات و تێکۆشانی رزگاری خاک و نەتەوە. بێ خۆ

هەڵدانەوە و لە خۆڕازیبوون شانازی بە مێژووی رووسووری حیزبمانەوە دەکەین. پێشمان وایە رۆڵ و کاریگەریی فکری ئێمە بە زەقی لە کوردستان و ناو پێکهاتەی حیزبی لایەنەکاندا بەدی دەکرێت. ئەم هەلومەرجەی ئێستا لەکوردستاندا خوڵقاوە هەتا هەتایە هەروا نابێت و شیاوی گۆڕانە ـ هەر وەک ئێستا گۆڕان لە ئارادایە و تێیدا چالاکین ـ و باڵادەستی ئەو حیزبانە هەروا مسۆگەر نابێت بۆیان. بارودۆخەکە لە بەرەو پێشچوون و گۆڕانی بەردەوامدا و داخوازی خۆی دەسەپێنێ. ئەوجا دەرفەتی پێویست ساز دەبێت مەیدان بۆ ئێمە تەخت بکات، ئێمە کاراتر هەڵسوکەوت بکەین و بەرنامەی خۆشمان هەیە. لەو هەلومەرجەی هەتا ئێستا خوڵقابوو، دەبوو ببینە پاشکۆی لایەنێک و هاوبەشی کارەکانی لە سازش و براکوژییەوە هەتا ئەو گەندەڵی ئیمڕۆ تێیدا نقووم بوون. بێدەنگی و راگرتنی کارەکانمان لەو قۆناغانەدا پەیوەندە بەم هۆکارە گرنگەوە .

* کێ بوون ئەوانەی لە ناو پاسۆك پێداگیر بوون لەوەی لەگەڵ سۆسیالیست و پارتی گەل یەکبگرن و دوایی بچنە نێو پارتی؟

-ئەوانەی پێداگرییان لەسەر یەکگرتن لە گەڵ حسک و گەل دا دەکرد، چەند جۆرێک بوون هەندێ هەلپەرست و خۆبەرە پێشبەر و هەندێکیش لە هەستی پاک و سادە و ساکاری و ماندووبوونیان لە خەباتدا. بەکورتی و کرمانجی چەند ساڵێک وەرنەچەرخا زۆرینەیان پەشێمان بوونەوە، چونکە لەراستی مەسەلەکان گەیشتن و پارتیش ئەو ئەلتەرناتیڤە نەبوو جێی خەونەکانی هاوبیرێکی راستەقینەی تێدا بێتەوە.

* ئێوە کەی پاسۆکتان دروست کردەوە و بۆچی هیچ چالاکییەکتان نییە مەبەست لەم دروستکردنەوە چییە ئایا ئایندەیەک دەبینن بۆ پاسۆک؟

-وەک ئاماژەم پێدا هاوبیرانی ئەورووپا زۆربەی هەرە زۆرمان وەک پاسۆک ماینەوە و درێژەمان بە خەبات دا. دیارە بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی هەندەران و شێواز و میتۆدەکانی کارکردنەکەی. ئێمە وەک هێزێکی چاودێر بەسەر رووداوەکانەوە و پاشانیش ئەوەی پێمان کرابێت خشتێک بخەینە سەر دیاری هزر و رۆشنبیریی نەتەوەیی بە ئاواتی بیناکردنی کۆشکی کوردایەتی ستراتیژی خۆمان دارشتووە. ئەم خەباتە لە ململانێی راستەقینە و رووبەرووبوونەوە و گرژبووبی پەیوەندییەکان دەیپاراستین و باوەڕمان وایە کتومت لەگەڵ واقعی خەباتی ئەم سەردەمەدا هاوجووتە. کێشەی کورد کەمی ژمارەی پێشمەرگە و رۆڵەی دڵسۆز نییە و نەبووە. ئیدی چالاکنەبوون بەگشتی پەیوەستە بەو هەلومەرجەی سەرانی دوو حیزبەکە سازیان دابوو، وەک شەڕی براکوژی و دوو ئیدارە و حکومەت و تاد....

دەرفەتی کارکردنێکی سەربەخۆ لەژێر سایەی هەردوو دەسەڵاتەکەدا ئەستەم بوو . دەبوو  ببیتە چنگ و نینۆکی ئەوان بۆ چرنووکدان لە لایەنی بەرانبەر. ئەمەش بۆ ئێمە شیاوی جێبەبێکردن نەبوو و نابێت. لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا هەردوو لا کۆکن لەسەر ئەوەی نابێت پارتێکی نەتەوەیی راستەقینە و بە ئاشکرا پاسۆک لە گۆڕەپانەکەدا هەبێت. پارتی کادێرەکانی حیزبی شیوعی بەخێو دەکات بەرانبەر بە حیزبەکانی تریش  قەت درێخی نەکردووە. یەکێتی چەندین دەستە و گرووپی دروستکردووە و کۆمەکیان دەکات. بەڵام هەردوو لا دوور لە گیانی کوردایەتی و مۆڕاڵی شۆڕشگێڕانە خەریکی سەرکوتکردنی پاسۆک بوون و هەر یەک بە پێودانگی خۆی. سەرئەنجام  ئەوان ئێمەیان خستە بەردەم دووڕیانێک یان دژ وەستانەوەی ئەوان و رووبەڕووبوونەوەی چەکداری یان پاشەکشە و راگرتنی ئەرکەکان. ئەم سیاسەتە هەر لەسەر ئێمە پیادە نەکرا. دەنگی شۆڕش و حیزبێک لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا کپکرایەوە و هەتا ئێستاش ح . د . ک . ـ ئێران لە قاوغەکەی خۆیدا ناتوانێ بێتە دەرەوە. ئەو رۆژگارە سەردەمانێک بوو لەسەر داخوازی ئێرە و ئەوێ سەری حیزبە بچووکەکان پاندەکرایەوە .

لە هەنوکەشدا بارودۆخەکەی کوردستان گۆڕانی پۆزەتیفی  بەسەردا هاتووە و یەک ئیدارە و یەک حکومەت بەرقەرارە و ئەمەش مایەی شانازی نەتەوەیی ئێمەیە. دوای خوێندنەوەیەکی باشتری بارودۆخەکە و هاوبیرانی کوردستانمان سەرگەرمی رێکخستنەوەی ئۆرگانەکانی حیزبن و دەمانەوێ بە رەسمی مۆڵەت لە حکومەت نەک حیزب وەرگرین و شانبەشانی هێز و دەستە و لایەنەکانی دیکە کۆڕی خەبات گەرمکەینەوە. ئێستا سەربەست و سەربەخۆیانە و دوور لە مۆتەکەی دەسەڵاتی  حیزبی و وابەستەیی یەک لایەن کار دەکەین، چونکە پاراستنی رووسووری حیزبمان و سەربەخۆیی سیاسەت و بڕیارەکانی لای ئێمە لەسەرووی گەلێ ئیعتیباری دیکەوەیە. دەنا لە رابردوودا چەندین هاتنە پێشەوە و گفتی هاوکاری و ئیمکانێتی گەورە خرایە بەردەستمان، هەر چونکە لە لایەنێکەوە بوو ئێمە نەمان ویست  بچینە ژێر بارییەوە. قەناعەت وایە و بەشێکی زۆری رووداوەکانیش ئەوەیان سەلماند کە مەسئولێتی ئەو هەموو تاوان و گوناهەی دەرهەق بە کوردایەتی ئەنجامدرا لەم چەند ساڵەی رابردوودا هاتە ئەستۆی سەرانی حیزبەکان  و لە ئێمە دوورە.

*وەک باستان کرد پاسۆکتان راگەیاندۆتەوە ئایا کۆنگرەو کۆنفرانسێک بۆ ئەو راگەیاندنەوە کراوە یان ئایا دەستەی سەرۆکایەتی و دیاریکردنی رابەر یان سکرتێر یان دیاریکردنی پۆستەکان و ئەولایەنانە دیاری کراوە تۆ چ بەرپرسیاریەتیەکت هەیە؟

-وەک باسم کردووە لە ئەوروپا بەرەسمی بەردەوام بووین لەسەر کاروباری پاسۆک هەتا ئێستا و لەناوەوەی وڵاتیش بە نهێنی شت دەکرا. بەڵام دوای یەکگرتنەوەی دوو ئیدارە و حکومەتەکە وەک باسم کردووە دەمانەوێ لەوێش بەرەسمی کار بکەینەوە و لە پاڵیشەوە کار بۆ ئامادەکاری کۆنفراسێک دەکەین. لای ئێمە پاش شەهیدبوونی سکرتێرەکەمان هاوبیری هێژا کاک ئازاد مستەفا لەساڵی 1989 دا ئێمە وەک سەرکردایەتییەکی بە کۆمەڵ کارمان کردووە و هیوادارم لە کۆنگرەی داهاتوودا شتەکان باشتر دیاری بکرێن. من هاوبیرێکی سادە و سەربازێکی گوێ لەمستی پاسۆکم .

*پاسۆك يەك لەو لایەنانە بوو کە لە پشت ئاشان بەر هێرشی یەکێتی بە سەرکردایەتی نەوشیروان کەوت, سالار عەزیز, ئەندامی ئەنجومەنی کۆمپانیای وشە دەڵێ پاسۆکەکان لەگەڵ ئێمەن, راستە؟

-مەسەلەی پاسۆک و شەڕی پشتئاشان مێژوویەکی نەفرەت لێبووە هیوادارین جارێکی دیکە نەیەتەوە بەردەممان. گۆڕان لە هەلومەرجی ئێستای کوردستاندا بووەتە ئەرکێکی نەتەوەیی و نیشتمانی کە چیتر قابیلی فەرامۆشکردن نییە. ئەقڵێتی سیاسی هەردوو حیزبە دەسەڵاتدارەکە لەسەر بنەمای بەرژەوەندی تەسکی حیزبی و بنەماڵەیی و کەسی کار دەکات. ئەمەش مەترسی گەورە بەدوای خۆیدا دەهێنێت و کورد و ئەزموون و دەستکەوتەکانی دەخاتە بەردەم مەترسی جددیەوە. ئێمەی هاوبیرانی پاسۆک لەمێژ ساڵە دژ بەم دیاردەیە و خۆگیفکردنەوەی هەردوو لایەنەکە و بە تالاندانی سامانی کوردستان و گەلێ دیاردەی دیکەی گەندەڵی و لادان لە راستەشەقامی کوردایەتی دەدەینە بەر رەخنە و دژی وەستاوینەتەوە. خۆشبەختانە هاوشانی ئیمەش دەستە و لایەنی دیکە دەرکیان بەو پێویستییە کردووە و ئێستا زیاتر لە جاران داخوازی گۆڕان بۆتە داوای سەرەک و مل بەرەو بزاوتێکی جەماوەری دەنێت و کەسیش ناتوانێ بەری پێ بگرێت. ئێمەش نامانەوێت لەو ئەرکە دوا بکەوین و شانبەشانی لیستی گۆڕان و سەرجەم خەمخۆرانی کوردایەتی باوەڕمان بە گۆڕان هەیە و ئیشی بۆ دەکەین.

*بەڵام روداوی پشتئاشان شتێک نییە سەرکردەکانی ئەمرۆی پاسۆک خۆیان لە باسکردنی بپارێزن ئایا ئەمەش لای ئێوە شاردنەوەی باسکردنە مێژووییەکان نییە لەنەوەی نوێ بۆ مەسەلەیەکی تر؟

-خۆمان لە باسی پشتئاشان نادزینەوە، ئەوەی لام سەیرە تۆ لە بازنە و خولگەی پشتئاشان دەرناچی. برالە شەڕ و تاوانەکان لەو رووداو و رۆژەوە دەست پێناکەن... لەو شەڕەشدا ئێمە و لایەنەکانی دیکەی بەرەی "جود " هێرشمان کرایە سەر. ئێمە لە کاتی

خۆیدا بەتوندی مەحکومی ئەوەمان کرد و بەرانبەر بە حیزب و هاوپەیمان و دۆستەکانمان هەڵوێستمان نواند .. دەتوانی لەم رووەوە گۆڤاری ئاڵای سووری کوردایەتی ژمارە 26 ی 1983 بخوێنیتەوە .

ئەوە مێژووە و بەکەس ناشاردرێتەوە و کەسیش ناتوانێ هەتا هەتایە بە مەیل و ئارەزووی خۆی هەڵیسوورێنێت. راستییەکان وننابن و ناشێوێندرێن. باوەڕ و بیرکردنەوەی ئێمەش چەواشەکردنی نەوەی نوێ نییە.

* وتت ئێستا کار لەگەڵ گۆران دەکەن ئایا چی بەرژەوەندیەک ئێوەی پێکەوە بەستووە کە ئێوە قوربانی شەری پشتئاشان بوون و سەرۆکی لیستی گۆرانیش سەرپەرشتیاری شەری پشتئاشان بووە ئەو هەنگاوەی ئێوەش هەمان هەنگاوی عاتفی یان بەرژەوەندی پەرستانەی لایەنە کوردیەکانە؟ ئایا لەپێناو دەستکەوتێکی ترە ئەوکێشە مێژویەتان لەبیر کردوە یان شتێکی تر؟

- بەرژەوەندی کوردایەتی تاکە پێگەی ئێمەیە لەو هاوکێشەیەدا. گۆڕان بۆ قازانجی کوردایەتییە و جگە لەم سوود و بەرژەوەندییە هیچی دیکە شک پێ نابەین. خۆ گەر ئێوە شتێک دەزانن باسی بکەن.. ئەم هەنگاوەشمان لەوپەڕی قەناعەتەوەیە. گەلۆ تۆ دەزانی دوو حیزبەکە چ کارەساتێکیان بۆ کورد خوڵقاندووە!؟ دەزانی ئەوانە کوردستان وەک کۆمپانیایماڵەبابیان تەماشا دەکەن و بە ئارەزووی خۆیان بە داروبەردیدا دەدەن!؟ ئاگاداری سوود پێبڕاوەکانی حکومەت و سامانی کوردستان دەستەیەکی کەمی سەرکردە و بەرپرسانی دوو حیزبەکەن!؟ ئاخر پێدەچێت تۆش باس لە دیموکراسی بکەیت و ئامادە نەبیت باوەڕ بە دروستبوون و هەبوونی هێزی ئۆپۆزیسیۆن بکەیت؟ !

* زۆر لە خەڵک رای وایە گۆڕان بەکەسانێک ناکرێ لەرێی چەکەوە هەوڵی سەرکوتکردن و لەناوبردنی برایەکی تری کردبێت ئەولیستەش کە باسی گۆران دەکان زۆر لە ئەندامەکانی و سەرکردەی لیستەکەش لەوانەبوون کە پەنایان بۆ چەک بردوە بۆ حەلی برواکانی تر, تۆ پێت وایە گۆڕانی جدییان پێبکرێت؟

-خەڵک رایان چییە ئازادن وەلێ پێویستە بە چاوێکی کراوە و هۆشیارانەوە تەماشای سەرجەم مێژووی ئەم نیو دەیەی دوایی نەتەوەکەمان بکەین، کە سیخناخە بەم چەشنە رووداوە دڵتەزێنانە. گۆڕان کەوتۆتە رێ و پاشەکشە ناکات. بەمانە بکرێت یا نەکرێت ئێمە هەوڵی پیادەکردنی بەرنامەی خۆمان دەدەین و لیستی گۆڕانیش ئەجێندای خۆی مانیفێست کردووە و لێگەڕێن با ئایندە حوکمی خۆی لەسەر راستییەکان بدات. بەڵگەنەویستە کە بە زەبروزەنگ هیچ کێشەیەک چارەسەر نەکراوە و ناکرێت. نازانم تۆ

چیت لەمن دەویت لەسەر پشتئاشان و من بە دریژی وەلامی ئەم خالەم داوەتەوە و بۆ وەلامی پاشماوەی پرسیارەکەت دەتوانی روو لەو کەسانە بکەیت کە باست کردوون .

* لە واقیعی ئیستای دونیا و جیهانگەراییدا تا چەند باوی هیز و تەیاری خاوەن بیری ناسیۆنالیستی توندرەو, یان نەتەوەپەرستی شۆڤینی ماوە, کە ئیوە بتانەوێ بە ریبازی پاسۆك بینەوە ناو خەباتی سیاسیانەی ئەو سەردەمە؟

-هەموو تیۆری و لیکۆلینەوە سۆسیۆلۆژی و زانستییەکان جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە ناسیۆنالیزمی میللەتی بندەست هەرگیز توندرەو و شۆڤینی نابیت. ئەمە دەستوور و یاسای خەباتی رزگاریخوازانەی هەموو میللەتانە. ئەوەی بەر کوتەکی کورد بکەوێ خۆی تاونبار و داگیرکەرە، چونکە دەستی کورد هیندە کورتە لە مالە بابی خۆی تیناپەرێ. کورد نەچۆتە سەر مالی کەس و ولاتی هیچ نەتەوەیەکی تری داگیر نەکردووە و کەسی نەتوانۆتەوە و نکۆلی لە هەبوون و کارەکتەری کەسی دیکە ناکات. نەتەوەیەک گەر داگیر و دابەشکرابیت و بانگەوازی خەباتیکی رەوای سەربەخۆیی و دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی بۆ خۆ پاراستن و تەواوکردنی ناسنامەی مرۆیی و شارستانی خۆی بکات چۆن دەبیت بە شۆڤینی؟ گەر وا بیت هەموو ئەوانەی خاوەنی ئەو مافانەن دەبیت شۆڤینی بووبن. شۆڤینیزم دەردیکە لە نەتەوەی چەوساوە و بیدیفاع و بیدەولەتەوە هەرگیزاو هەرگیز بەدەرناکەویت. هەرچی توندوتیژیشە دیسانەوە لە کوردەوە دوورە. لە کام شاری داگیرکەر و لە کوێ و کەی کورد توندوتیژی بەرانبەر بە دراوسیکانی نواندووە. پیدەچیت بیئاگا بیت دەنا کورد لەم سەردەمە هەرە پڕ لە کارەساتەدا لە بکەرانی ئەنفال و کوشتاری هەلەبجە و بکوژانی قاسملۆ و ویرانکەرانی ئامەد و جەزیرە و تاوانبارانی قامیشلۆ خۆش دەبیت و دەیکاتە پیاوەتی بەسەر میژووەوە .

دنیا چەند بەرەو پیش بڕوا و هەزاران باهۆزی تری لە گلۆبالیزم بەهیزتر هەلبکات و ملیۆنەها بانگەشەی سیاسی و ئیدیۆلۆژی بۆ نەمانی نەتەوەپەروەری و بە هەند دانانی بەرژەوەندی نەتەوەیی و پاراستنی بەها نەتەوەییەکان و شانازیکردنی هەر نەتەوەیەک بە کولتوورەکەی خۆیەوە هەر دەمینیت. دەشێ شیوازی جیا لە خۆ بگریت و لە شوینیکەوە بۆ شوینیکی دیکە جیاوازی هەبیت، بەلام لە جەوهەردا مەسەلەکە یەک شتە. میَژووی مرۆڤایەتیش پڕە لە راستی و هەقیقەتی زیندوویی نەتەوایەتی. نەتەوەپەروەری هی مۆدە و باو و بەسەرچوون نییە. کام ولاتی ئەم جیهانە پیشکەوتووە و چ میللەتێ بە دوا قۆناغەکان گەیشتووە، بچۆ داگیری بکە و زمانی قەدەغە بکە و میژووی بسڕەوە و نکۆلی بوونی بکە، ئەوسا دەبینیت چ قیامەتیک ساز دەبیت. ئەم هەویرە ئاو زۆر دەکیشێ و لیرەدا دەیبڕمەوە.

* پەیوەندیتان لەگەڵ لایەنە سیاسیەکان بەتایبەتی پارتی و یەکێتی چۆنە؟

-ئێمە لە دۆستایەتی و پەیوەندی باش بەچاوێکی پڕ بایەخەوە دەڕوانین. ئەمەش پرنسیپێکی چەسپاوی بیرورێبازەکەمانە. چونکە هەر ناکۆکی و دژایەتیکردنێکی یەکتر راستەوخۆ و ناراستەوخۆ بە خزمەتکردنی بەرژەوەندییەکانی داگیرکەرانی دەزانین. ئا لەم روانگەیەوەیە کەوا پەیوەندیمان بە گشتی لەگەڵ هەموو لایەنەکان باشە، بە تایبەت پارتی کۆمەنیستی کوردستان و برادەرانی سۆسیالیست. لەگەڵ یەکێتیشدا باشە و پەیوەندی لەگەڵیاندا ئاساییە و هێشتا رێز لە چەمک و مانای دۆستایەتی و هاوخەباتی دەگرن. دەبێت بۆ مێژوو ئەوە بڵێم کەوا راستییەکانی ئەم چەند ساڵەی دوایی دەری خست لە مامەڵە و دۆستایەتی یەکێتی وەک لایەنێک لە زۆر قۆناغدا هێجگار دۆستانەتر و ئوسوڵیتر بووە. بە پێچەوانەوە پارتی بە هەموو هێزی خۆیەوە دژایەتی پاسۆک دەکات. با ئەوەشمان لە یاد نەچێت کەوا پاسۆک تاکە حیزبی کوردستانە بە تێڕوانینێکی کوردانە و لەبەر رۆشنایی فەلسەفەی کوردایەتیدا هەتا ئێستاش تێڕوانینی ئەرێنی لەسەر شۆڕشی ئەیلوول و رابەرەکەی هەبووە و هەیە. ئەمەش پێداویستی بیر و باوەڕەکەمانە نەک خاترانەی هیچ کەس و لایەنێک. دەشێ لە ئێوەش شاراوە نەبێت کە لایەن هەیە بەس بە جوێندان و ناوناتۆرە لە بارزانی و شۆڕش دروست بوون و ئێستا پارتی فەرشی سووریان بۆ رادەخات .

کێشەی بنەڕەتی پارتی عەقڵێتی فەلسەفەی ژمارەیە ـ عدد ـ ە و تەنها ئەم دیدە رەواجی هەیە. بە واتایەکی دیکە چۆن بتوانن 1 بکەنە 2 و 3 بکەنە 4 و وا چاوەڕوان دەکەن هەر هەموو بچینە سەر سفرەکەی ئەوان. ئەم ئەقڵێتەش لەگەڵ دنیای ئیمڕۆدا ناگونجێت و بڤەیە....